# پشتیوانیی فەڕەنسا لە هەرێمی کوردستان زۆرێک لە هاوکێشەکان دەگۆڕێت



شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

## هەولێر دەتوانێت قەرەبووی شکستەکان بکاتەوە

لە دوای ڕووداوی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، عەبادی ئەو عەبادییەی جاران نییە و هەموو کردەوەکانی، قسەکانی، هەنگاو و بڕیارەکانیشی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بە تەنیا هەیە، بەجۆرێک تەنیا گرووپەکانی نزیک لە خۆی لە بڕیارەکانی ڕازین ئەو پیاوە چونکی بەرەو هەڵبژاردن دەچێت و گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیش لەسەر بنەمای سۆز و چاوسوورکردنەوە و گەندەڵی بەڕێوە دەچێت، هەموو دەسەڵاتە سەربازی و دارایی و کارگێڕییەکانی لە پێناو بەرژەوەندی تەسکی خۆی بەکارهێناوە و لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕاستەوخۆ دژایەتی کورد دەکات، لێرەدا خاڵی لاوازی کوردی لە خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەردا دۆزیوەتەوە. کەوایە 16ی ئۆکتۆبەر تەنیا ڕووداوێک نەبوو کورد بەهۆیەوە شارێکی لەدەستدابێت، بەپێچەوانەوە لە تەک ئەوەشدا ئەو عەبادییەی کردە لوتبەرزێکی سیاسی و دواجار کەیسی داگیرکردنی کەرکووکی کردە کەیسێکی هەڵبژاردن بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، ئاخر عەبادی ئەوەندەی شانازی بە داگیرکردنی کەرکووکەوە دەکات، نیو هێندە شانازیی بە کۆتایی هاتنی داعش ناکات! ئەمەش وەک بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی ئەو پیاوە ناتوانێت سەرۆکێکی دادپەروەر بێت و هەموو عێراقییەک بە سەرۆکی خۆیانی بزانن، بە ئاشکراش دژایەتی کورد دەکات و لە ئەگەری بەردەوامی ئەو دژایەتییانە پێشبینی دەکرێت دیسانەوە کورد هەنگاوێکی دیکەی هاوشێوەی ریفراندۆم بنێتەوە، چونکە خودی ریفراندۆم لە تەک مافی کورد بۆ سەربەخۆیی، ئەوا بەشێکی لە هۆکارەکەشی بۆ نائومێدبوونی کورد لە بەغدا دەگەڕێتەوە، واتە ریفراندۆم هەم مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسینی کورد بوو، هەمیش نائومێدی بوو لە عێراق کە نەیتوانی عێراقی هەمووان بێت.

داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێم، هێندەی ئەجێندای سیاسی و پەراوێزخستنی هەولێری لە پشتەوە بوو لەڕووی دیپلۆماسییەوە نیو هێندە ڕێکارێکی کارگێڕیی نەبوو بەرانبەر هەولێر گیرابێتەبەر، داخستنی فڕۆکەخانەکان بەو ئامانجەیە تا هەولێر ببێتە دوورگەیەکی پەراوێزخراو، بەڵام دیپلۆماسییەتی حکوومەتی هەرێم، ئەگەرچی هێشتا کێشەی زۆری هەیە، وایکرد ئەو خەونەی عەبادی نەیەتەدی، ئەوەتا هەولێر میوانداریی وەزیری دوو وڵاتی زلهێزی ئەورووپا دەکاتەوە و داخستنی فڕۆکەخانەکانیش هیچ سوودێکی بۆ عەبادی نەبووە، بگرە تەنیا زیانی بە خەڵکە ئاساییەکەی کوردستان گەیاندووە بەپێچەوانەوە کاریگەری خراپی بەسەر پێگەی حکوومەتی هەرێمەوە نەبووە، چونکە شاند دێن و شاند دەڕۆن.

سەردانی شاندی هەرێم بۆ پاریس چەندە گرنگ بوو، هاتنی وەزیری بەرگری ئەڵمانیا، ئۆرسوڵا ڤۆندێرلاین، لەڕووی سەربازییەوە هێندە گرنگی هەبوو، دەکرێت وەک پەیامێکیش لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە ئەڵمانیا پاڵپشتی پێشمەرگە دەکات، ئەڵمانیایەکی خاوەن پێگەی سەربازی و ئابووری بەهێز لە ئەورووپادا، هەروەها هاتنی وەزیری دەرەوەی فەرەنساش، جان ئیڤ لودریان، لەڕووی سیاسییەوە ئەویش گرنگی خۆی هەیە، بەوپێیەی فەرەنسا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەولێردا هەیە، کەوایە هاتنی جان ئیڤ لۆدریان، لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە دەکرێ گرنگی ئەوەی هەبێت سەرباری هەموو کێشەکان، هێشتا هەولێر بە تەواوی دەرگەی بەڕوودا دانەخراوە و پێشبینیش دەکرێت دوای لۆدریان وەزیری وڵاتانی دیکەش ڕوو لە هەولێر بکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە بەغدا هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی ئەمجۆرە کەسایەتییانە سەردانی هەولێر نەکەن، بەڵام ئەوەتا دێنە هەولێر.

دروستە هەولێر لەڕووی سەربازییەوە هەندێک ناوچەی لەدەستدا و بە هۆی خیانەتی ئۆکتۆبەریشەوە جۆرێک شکستی سەربازی بینی، لێرەدا نامەوێت بە وردی لاپەڕەکان هەڵدەمەوە، بەوپێیەی ڕاستیی 16ی ئۆکتۆبەر هەموو خەڵک دەیزانێت! بەڵام هێشتا درەنگ نییە و هەولێریش دەتوانێت دووبارە پەیوەندییەکانی بەهێز بکاتەوە، ئەوەی لەڕووی سەربازییەوە لەدەستییداوە، لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە دەکرێت قەرەبووبکرێتەوە، بەوپێیەی تا ئەم چرکەساتە، جگە لە وڵاتانی ئیسلامی ناوچەیی، هیچ وڵاتێک بە فەرمی ئامادە نین بڵێن کورد مافی سەربەخۆیی نییە، بەڵکوو تەنیا کێشەی ئەوان، زیاتر لەگەڵ کاتدابووە و هەندێکیش بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕەچاو دەکەن، واتە زۆربەی بەرژەوەندییەکانیان لە بەغدایە، هەولێریش دەکرێ لەڕووی دیپلۆماسییەتەوە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە بهێنێتە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا ئەو وڵاتانە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا، داکۆکی لە هەولێر بکەن وەک کیانێکی کوردی.

هاتنی ئەو دوو کەسایەتییە بۆ هەولێر ئاماژەیەکە دیسانەوە هەولێر دەتوانێت بچێتەوە ناو بازنەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتاندا، لەکاتێکدا ئێستا ئەو وڵاتانە ڕێککەوتنییان دەوێت و ناخوازن ڕەوشەکە لەوە زیاتر ئاڵۆزتر بێت بەوپێیەی بەرژەوەندییان لە عێراقدا هەیە، هەروەها سیاسەتی داواکردنی دیالۆگ لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە زۆر گرنگە و لەسەر عەبادیش دەبێتە گوشارێک لە ئەگەری زیاتر پێشێلکردنی مافەکانی کورد و لە ئەگەری بەردەوامیشی لەسەر لوتبەرزییەکانی، ئەوکات وڵاتانی زلهێز کە کاریگەرییان بەسەر عێراق و ناوچەکەوە هەیە، ماف بە کورد دەدەن بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوە.



زوهری جەبەلی ئێدلبی

فەرەنسا یەکێکە لە وڵاتە زلهێز و بڕیار بەدەستەکانی جیهان بە گشتی و ئەورووپا بە تایبەتی، هەمیشە پشتیوانی لە گەلانی ژێر دەست کردووە و، یەکێک لەو گەلانەی زۆرترین پشتیوانی و هاوکاری کردووە کوردە. لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991ی باشووری کوردستان، یەکەم وڵات فەرەنسا بوو کە لە ئەنجومەنی ئاسایش پرۆژەیەکی پێشنیاری کرد کە دواتر بوو بە یاسا بۆ پاراستنی باشووری کوردستان و دروستکردنی هێڵی 36 بەمەش باشووری کوردستان توانی خۆی لەسەر پێیەکانی ڕاگرێت و ببێتە هەرێمێکی دانپێدانراو و خاوەن قەوارەیەکی سیاسی و جۆگرافیایەکی سەربەخۆ لە ناو عێراقێکی دیکتاتۆردا، هەر ئەم پشتگیریەی فەرەنسا بوو هەرێمی کوردستان بوو بە خاوەنی پێشمەرگە و پێگەیەکی بەهێزی نێودەوڵەتی، لە شەڕی دژی داعشیش فەرەنسا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی زۆرترین هاوکاری هەرێمی کوردستانی کرد و دوای ریفراندۆم و 16ی ئۆکتۆبەری 2017 هەر فەرەنسا یەکەم وڵات بوو بە فەرمی پێشوازییەکی گەرمی لە سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانی کرد و دواتریش لە کۆڕبەندی داڤۆس بە فەرمی لە گەڵ نێچیرڤان بارزانی و شاندی یاوەری دانیشت و دوێنێش وێڕای ڕێگریکردنی بەغدا لە هاتنی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بۆ هەولێر، جان ئیڤ لو دریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بە سەرۆکایەتی شاندێکی باڵا، دوای سەردانی بەغدا گەیشتە هەولێر و لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا. سەردانی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بۆ هەولێر لە ئاستێکی بەرزدا دەنگدانەوەی هەبوو و بە گرنگییەوە لە ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە و بڕیاردا باسی لێوە کرا، پەیامێکی ڕوون بوو بۆ جیهان بە گشتی و بەغدا بە تایبەتی کە هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتی فەرەنسا گرنگی و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە و فەرەنسا پشتگیری لە عێراقێک دەکات کە مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد تێیدا دەستەبەر بکرێن، هەر وەک پێشتریش پەیوەندییەکانی هەولێر و پاریس لە ئاستێکی بەرزدا بوو، بە تایبەت ئەو شاندەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا هاتووە، زۆربەیان پسپۆڕن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەزانن کێشەکان لە کوێوە سەریانهەڵداوە و چۆن چارەسەر دەکرێن؟.

سەردانی وەزیری بەرگری ئەڵمانیا و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە یەک کاتدا بۆ هەولێر، کە دوو وڵاتی زلهێز و خاوەن بڕیارن لە یەکێتی ئەورووپا و جیهان، ئاماژەیەکی ڕۆنە بۆ هەموو جیهان بە گشتی و عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی کە لە ئەورووپاوە نیازێک هەیە بۆ شکاندنی ئەو ئابلۆقە سیاسیی و ئابوورییەی خراوەتە سەر هەرێمی کوردستان و پێگە و گرنگی هەرێمی کوردستان دەسەلمێنێت بۆ یەکێتی ئەورووپا، بە تایبەت سەردانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئەو پێشوازییە گەرمەی لەو دوو وڵاتە و کۆڕبەندی داڤۆس لێکرا و نیازپاکی و لێهاتوویی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەلماندی کە کورد شایەنی پشتگیریی کردن و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشت لە کورد نەکات، پێچەوانەی سەرۆکوەزیرانی عێراق کە قسە و کردارەکانی یەکتریان نەدەگرتەوە. نەخاسمە کە فەرەنسا و ئەڵمانیا هەرێمێکی بەهێزیان لە کورد دەوێت و پشتگیری لە هەرێمێکی بەهێز دەکەن، ئەمەش دوای کۆبوونەوەکانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دروست بوو لەگەڵ سەرۆک و سەرۆکوەزیران و نوێنەر و وەزیرانی دەرەوەی زۆربەی وڵاتانی جیهانی لە کۆڕبەندی داڤۆس. خاڵی هەرە بەهێزی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بۆ هەموو لایەک دیار کەوتووە کە بە بێ دەستەبەرکردنی مافە دەستوورییەکانی کورد، عێراقێکی ئارام ناهێتە کایەوە و عێراق ناتوانێ سەقامگیریی بە خۆیەوە ببینێت.

چۆن لە ساڵی 1991 پشتگیریی فەرەنسا لە باشووری کوردستان هەرێمی ئەمڕۆی لێکەوتەوە و کورد زۆرێک لە مافەکانی بە دەستهێنا و هاوکێشەکان گۆڕان، پشتگیریی ئەمڕۆی فەرەنسا و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی لە هەرێمی کوردستان هاوکێشەکان دەگۆڕێت و کورد بەهێز دەبێتەوە و نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵی هەرە سەرەکیی دەگێڕێت لەو گۆڕانکاریانەدا.





## شکاندنی گەمارۆکان

سەنگەر قوباد

سەردانی وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا بۆ هەرێمی کوردستان و بەسەرکردنەوەی هێزی پێشمەرگە، دوابەدوای ئەویش سەردانی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا بۆ هەولێر و بینینی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەربڕینی پشتیوانیی وڵاتەکەی بۆ هەرێم، شکاندنی ئەو گەمارۆیەیە کە لە لایەن عێراقەوە خرابووە سەر هەرێمی کوردستان و کوردی باشوور هەستی دەکرد کە تەنیا چیاکان پشتیوانی کوردن.

گەلی کورد بە درێژاییی مێژوو بێ پەنا و پشتیوان بووە و هەردەم چیاکانی کوردستان داڵدەی داون، بۆیە ئەم جارەیش دوای هێرشی عێراق بۆ سەر ئەم گەلە هەموو جیهان بێدەنگ بوون، وەلێ پاش تێپەڕبوونی چوار مانگ، ئەم سەردانانە دەرخستەی ئەوەن کە هێشتا باشووری کوردستان دۆست و پشتیوانی هەیە. ئەمەیش خاڵێکی ئەرێنییە و کورد بەبێ وڵاتانی ڕۆژئاوا لە نێوان دراوسێ چەقەڵ و دێوەکانیدا دەخورێت.

هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتووەتە نێو لەپی چوار وڵاتی داگیرکەری وەک عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا، کە هەرچۆنێک سەرهەڵبڕی سەرکوتت دەکەن، بۆیە پشتیوانی وڵاتانی زلهێز بۆ گەلی کورد زۆر گرنگە و سەردانیکردنی وەزیرانی ئەڵمانیا و فەڕەنسایش دەستپێکی ئەو پشتیوانییە دەبێ و هی دیکەیشی بەدواوە دێت.



# بۆچی فەڕەنسا گرنگترینە؟!



ئەنوەر ئیبراهیم

ئەوەی وامان لێ دەکات گەشبین بین بە سەردانی وەزیری دەرەوەی فەرنسا بۆ هەولێر سەرەڕای کۆتایی هێنان بە ئابلوقە دیبلۆماسیەکان و گوێنەدانی جیهان بە هەڕەشەکانی عەبادی، پێگەی فەرەنسایە لە گۆڕانگاری و چارەسەری کێشەمە کێشمەکانی جیهان، ئەورووپیەکان هەمیشە "فەرەنسا" بە وڵاتی (پشتی گۆڕانکاریەکان) ناو دەبەن، پاریس ئەگەر لە جوانیدا بە (بوکی جیهان) ناوی دەرکردبێت ئەوا زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بلێین فەرەنسا وەک وڵات پاڵەوانی گۆڕانکارییەکانی جیهانە، ئەو وڵاتە دەستی هەبوو لە گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دابەشکردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ هەریەک لە (بەریتانیا و ڕوسیا) و هەروەها لەو وڵاتە وە زەنگی جەنگی جیهانی دووەم لێیدا و بە ڕووخانی (هیتلەر) کۆتایی هات و چەندین ناوچەی تری ئەورووپی گەیشتنە لوتکەی سەربەستی و سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، جگە لەوانە فەرەنسا یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (نەتەوە یەکگرتووەکان) و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە و مافی ڤیتۆی هەیە کە یارمەتی دەدات لە وەستاندنی هەر بڕیارێکی جیهانی کە دژ بێت بە بۆچوون و تێڕوانینەکانی ئەو وڵاتە، بۆ ئێمەی کورد مێژووی تاڵمان لەگەڵ فەرەنسا لە (سایکس بیکۆ)وە دەست پێ دەکات و هەر لە ئەوێش کۆتایی دێت، بەڵام مێژووی گەشی کوردان لەگەڵ فەرەنسا پڕ لە هەڵوێست و لێک تێگەیشتن و هاوکاری و هەماهەنگی بۆ بەدەست هێنانی خواست و مافەکانی گەلی کورد، بە نموونە لە سەردەمانی شۆڕشەکانی گەلەکەمان چەندین ڕۆژنامەنووسی وەک (کریس کۆچێرا و بێرنارد کۆشنەر) ڕووی ڕاستەقینە و زیندویەتی و خەباتی کوردیان لە سەردەمانی جیهانی بێ ئینتەرنێت و کەمی و سنورداری هێڵەکانی پەیوەندی بەجیهان گەیاند و کە دواجار (بێرنارد کۆشنەر) وەک وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا یەکەم بەرپرسی باڵای جیهانی بوو پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستانی کردووە، هەروەها فەرەنسا یەکەم وڵات بوو پشتوانی ڕاپەرینی خەڵکی کوردستانی کردووە و کۆبوونەوەی بە پەلەی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەنجام داوە سەرکەوتوو بوو لە دەرکردنی بڕیاری 688 و دانانی (هێڵی شینی 36) ناوچەی دژە فڕین کە دواجار وەک ئەمری واقع و هەرێمی کوردستانی فیدرالی لێ کەوتەوە و هەر لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو فەرەنسا خاوەن بیرۆکەی بڕیاری 986ی نەتەوە یەکگرتوەکانە بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان لە نەهامەتی و برسیەتی ئەو گەمارۆ ئابووریەی بەسەر عێراقدا سەپێنرا بوو، هەروەها سەردانی (فرەنسۆ ئۆلاند) سەرۆکی پێشووی فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستان و بەسەرکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی بەرگری هێندەی تر دۆستایەتی فەرەنسای بۆ گەلی کورد رونکردەوە، بەڵام ئەوەمان بیر نەچێ گەورەترین



پشتیوانی فەرنسا لەدوای ریفراندۆم و خیانەتی16ی ئۆکتۆبەر بوو کاتێک حومەتی عێراقی فشارەکانی زیاد دەکرد و ئابلوقەکانی توندتر دەکرد سەرۆکی فەرەنسا بە 20 ڕۆژ پاش 16ی ئۆکتۆبەر لە بەرچاوی ڕاگەیاندنەکانەوە ئەوەی بە حەیادەر عەبادی ڕاگەیاند کە بۆ ئەوان کوردستان هێڵی سورە و هێرشکردنە سەر پێشمەرگە کارەساتی لێ دەکەوێتەوە و دواتر لە سەرۆکی فەرەنسا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بە داوەتنامەیەک گەیشتە پاریس و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بە نووسراوی زمانی شیرینی کوردی لە بەردەم سەکۆی هەردوو سەرۆکدا، سەرۆکی فەرەنسا پشتیوانی و پاڵپشتی تەواوی هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی کرد کە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە گرتویەتە بەر و بەڵێنی ئەوەی بە سەرۆکی حکومەتی هەرێم دا کە فەرەنسا پشتیوانی مافە دەستووری و یاساییەکانی کوردستانە و کوردستانێکی بەهێز لە ناوچەکە ئامانجی فەرنسایە و لەو پێناوەشدا هەموو هاوکاری و هەماهەنگیەک ئەنجام دەدات، بێگومان لەدوای ئەو سەردانەی نێچیرڤان بارزانی بۆ فەرنسا ئەوە بۆ حکومەتی عێراقی و وڵاتانی دراوسێ و لایەنە نەیارەکانی ناوخۆ ڕوون بۆوە کە شکست پێ هانانی حکومەتی هەرێم خەونێکی لەمێژینەی مایەپووچە و هەر بە مایەپووچیش دەمێنێتەوە بۆیە دوای ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێران بانگهێشتی فەرمی سەرۆکی حکومەت و ستافی حکومەتی هەرێم دەکات و حەیدەر عەبادیش ناچار دەبێت دانیشتن لەگەڵ ستافی حکومەتی هەرێم ئەنجام بدات کە چەند ڕۆژ پێشتر ڕەتیدەکردەوە، هەروەها نێچیرڤان بارزانی بانگهێشتی فەرمی کۆڕبەندی ئابووری جیهانی لە داڤۆس کرا و لە ماوەی سێ ڕۆژی کۆڕبەندەکەدا سەرۆکی حکومەت پشکی شێری دانیشتن و دیدارە نێودەوڵەتیەکانی بەرکەوت کە زیاتر لە 20 دیداری باڵا بوو لەگەڵ سەرۆک و وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی بەشدار بوو لە کۆڕبەندەکەدا.